

### هونەرمەند حەسەن شەریف:

# لە باکووری کوردستان راپەرینێکی گۆرانی دەستپێکردووە و لە باشوور بە پێچەوانەوەیە

■ لە رۆژە ناخۆشەکاندا بە دەنگ و گۆرانیەکانی بەرگری لە وشەی کوردی کردووە و لە ون بوون پاراستوویەتی، بە دەستێکی چەکی بەرگری لە خاك و بەدەستەکەی دیکەی سازی هەڵگرتووە و گۆرانی بۆ ئازادی و کارەساتەکانی کیمیا باران و ئەنفال چڕیوە و جیهانی لێ ئاگادار کردۆتەوە، هەر کە ناوی حەسەن شەریف باس دەکرێ مرۆڤ کەسێکی پێشمەرگە و شۆڕشگێڕێك و هونەرمەندیکی بیر دیتەوە کە لە هەردوو مەیدانەکە سڵی نەکردۆتەوە، دوای ئازادبوونی وڵاتیش گۆرانی بۆ ئاوەدانی و زیندوو کردنەوەی کلتوری رەسەنی کوردی گوتووە و بە هەمان گوڕ و تینی خەباتی پێشمەرگایەتییەوە بەردەوام بووە بۆیە دەتوانین بڵێین حەسەن شەریف هونەرمەندی هەموو قۆناغەکانە و هەمیشە بەدوای خزمەت کردنی هونەر و پەیڤی رەسەنی کوردی گەڕاوە بۆ ئەوەی لە رێگای هونەرەوە خزمەت بە نەتەوەی کورد و کێشە رەواکەی بکات.■

دیمانە/ خەلیل بلەیی
Xalil2001@yahoo.com



**داوای لێبوردن لە جەماوەر دەکەم بۆ ئەو جلوبەرگانەی کە لە سەری ساڵدا پێیان دەرکەوتم**

**پێشبینی دەکرێت کلیپی داهاتووم لە (بەیتا لالش) باشتر و بەرزتر بێت مخابن نەمانتوانیوە سوود لەو ئازادییە وەربگرین کە بەدیهاتووە**

*** ماوەی چەند ساڵێکە تۆ بەردەوام لە کوردستانی، بەڵام بۆچی بە یەکجاری ناگەڕێیتەوە کوردستان ؟**

- هەمیشە بیر لەوە دەکەمەوە کە بگەڕێمەوە کوردستان، نامەوێ بڵێم گەڕانەوە، چونکە من هەر لە کوردستانم، حەز دەکەم بە یەکجاری لە کوردستان بمینێمەوە، بەڵام هەندێك مەسەلەی تایبەت هەیە بە ژیانی من و هاوسەرەکەم وەك نیشتەجێ بوون و دۆزینەوەی کارێك کە ببێتە مایە پەیدا کردنی بژێوی ژیان لە کوردستان ئەمانە رەنگە رێگر بن، من بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕێم کە تێیدا بتوانم خزمەتێك پێشکەش بکەم لە رێگای کەناڵێکی تەلەفزیۆنی یان بەرنامەیەك، هەروەها هاوسەرەکەم ئێستا سەرقاڵی خوێندنە و دوای ماوەیەك رەگەزنامە وەردەگرێت.

*** هەندێك لە هونەرمەندان تا ئەو کاتەی لە دەرەوەن ناوبانگێکی باشیان هەیە و خۆشەویستی جەماوەر بۆیان بێ سنوورە، بەڵام کاتێك دەگەڕێنەوە ئەو خۆشەویستییە نامینێ، تۆ پێت وایە ئەمە لە ئەنجامی چییەوە بێت؟**

- من پێموایە پێویستە مرۆڤ لە چوارچێوەی کەسایەتی خۆیدا بمینێت جا چ لە دەرەوەی کوردستان بێت یان لێرە بێت، سوپاس بۆ خوا من پێشتر لێرە دەستم بە کاری هونەری کردووە و پەیوەندیم بە رێزەکانی شۆڕشەوە کردووە و ئەنفالم بینیوە و چوومە هاندەران و گەڕاومەتەوە، و لە هەر شوێنێك بووبم پێویستە مرۆڤ هەمان سەنگی خۆی رابگرێت، هەندێك لەو کەسانەی کە گۆڕانکاری لە کەسایەتییەکەیاندا بەدی دەکرێت و سەنگی خۆیان لە دەست دەدەن و هونەرەکەیان سووك دەبێت، من پێموایە دەمە بۆ خودی ئەو هونەرمەندە دەگەڕێتەوە کە زۆر پێویستە هونەری خۆی رابگرێت و سەنگێکی بۆ دابنێت.

*** تۆ چەندین قۆناغت بینیوە وەك شۆڕش و پێشمەرگایەتی و راپەرین و هاندەران، ئایا چ جیاوازییەك هەیە لەنێوان ئەم سێ قۆناغە کە شایەنی باس کردن بێت؟**

- ئێمە کاتی خۆی لە رێگای هونەرەوە بە دەنگی خۆمانەوە بووین بە خزمەتکارێك بۆ دەربڕینی دەرد و ئێش و ئازاری میللەتەکەمان وشۆڕشەکەی، بە گوێرەی بارودۆخی ئەو کات تواناکانی شۆڕش لە رووی میدیاکانەوە سنووردار بوون تەنیا رادیۆمان هەبوو لەگەڵ ساز کردنی چەند ئاهەنگێکی نەتەوەیی و حزبی، کاتێك ئێمە دوای ئەنفال روومان لە کەمپەکانی باکووری کوردستان بووین لە دیاربەکر لەوێ خەڵکی دیکەی پارچەیەکی دیکەی کوردستانمان ناسی، بۆ من لە رووی هونەرەوە ئەمە هەنگاوێکی زۆر گەورە بوو بەتایبەتی لە بەرهەمی هیرۆشیما کە لە کارەساتی کیمیا بارانکردنی هەڵەبجە تۆمارم کردبوو، دوای ئەوە قۆناغی راپەرین دەستی پێکرد کە ئەمەش هەنگاوێکی دیکە بوو، دوای راپەرین من چوار ساڵ لێرە مامەوە ئینجا رووم لە هاندەران کرد، لەوێ من توانیم سوود لە تەکنیك و پێشکەوتن وەربگرم بۆ هونەرەکەم و بوونی خۆم لەنێو کوردەکانی هەموو ناوچەکانی کوردستان بسەلمێنم و ناوبانگێك بۆ خۆم دروست بکەم،هەروەها لە رووی تەکنیك و توانای ئابووریشەوە بۆ هونەری من پاڵپشتێکی زۆر بوو، ئێستاش زۆر کەناڵی تەلەفزیۆنی و کۆمپانیا هاوکارییان کردووم بۆ نموونە کۆمپانیای کوڕەك میوزیك کە بە راستی زۆر هاوکارییان کردم و ئەگەر کوڕەك نەبوایە نەمدەتوانی دوا بەرهەمی خۆم بخەمە بازاڕەوە و بڵاوی بکەمەوە ئەم هەنگاوەش چانسێکی زۆری بۆ هونەرمەندانی ئێستا فەراهەم کردووە، جیاوازییەکە لێرەدایە واتە هەرچەندە پێش بکەوین و بەرەو دەوڵەت بوون بچین ئەوا دەرفەتی پێشکەوتن و ناوبانگی هونەریش زیاتر دەبێت.

*** تۆ شارەزاییت لە هونەری پارچەکانی دیکەی کوردستان هەیە، چ جیاوازییەك دەبینی لەنێوان هونەری باکوور و باشووری کوردستان؟**

- بە هۆی تێکەڵبوون و پەیوەندییەکانم ئەوەی من هەستم پێکردووە ئەوەیە کە راپەرینێکی گۆرانی لە باکووری کوردستان دەستیپێکردووە، لە لایەنی گرووپ و رەسەنایەتی و ئۆرجیناڵی گوتن و دەرکەوتن و کۆکردنەوەی ئەرشیف بۆ نموونە میزۆپۆتامیا کە ئەرشیفێکی زۆری کۆکردۆتەوە، هەروەها زۆر جار دەبینین ئەو گرووپانە ئامیرێکی موزیکی رۆژئاواییان هێناوە لە موزیکی کوردیدا بەکارهێناوە بەمەش مرۆڤێکی ئەورووپی دەتوانی گوێی لێبگرێت و هونەری کوردی پێ بناسێت، بە پێچەوانەوە لە باشووری کوردستان من پێموایە داگیر کردنێکی دوژمنانەی گوێی خەڵك دەستیپێکردووە و رەسەنایەتی گۆرانی کوردی بەرەو ئەرابیسك هەنگاو دەنێ و موزیکی کوردی روحییەتی کوردی تێدا نەماوە، من رەخنەیەکم لە هەندێك لەو دەنگخۆشانە هەیە کە ئەو کارانەی بە کلتووری کوردییەوە بەستراونەتەوە نەدەبوایە بەرەو ئەو هەڵەیەی بەرن، لێرە گوێی خەڵك بە موزیکی بیانی داگیرکراوە و ئەو گۆرانیبێژانە ئێستا دەست پێدەکەن زۆر سەرسامن بە هونەری وڵاتانی دەوروبەری کوردستان بەتایبەتی تورکیا کە هونەرەکانی کاریگەرییەکی زۆری هەیە من ئەمە بە پێشکەوتن دانانێم، رێزم بۆ هەندێك لە هونەرمەندان هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەو خۆشەویستییە بۆ هونەری کوردی نەماوە ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو گۆرانیبێژانە، مخابن نەمانتوانیوە سوود لەو ئازادییە وەربگرین کە بەدیهاتووە.

*** سترانی کوردی بەردەوامە پێت وانییە ئەمە باجێکی هەبێت ئەویش رەسەنایەتییە؟**

- هونەری کوردی هەر لە کۆنەوە هونەرێکی قوڵ بووە وئەو روحییەتەی کە تا ئێستاش ماوە، لە رەسەنایەتی ئەو هونەرەوە سەرچاوەی گرتووە.

*** کلیپی (بەیتا لالش) گۆڕانکارییەکی گەورە بوو، پێت وایە کلیپەکانی داهاتووت بە هەمان شێوە دەبن؟**

- بۆ زانیاریتان لەم ماوەیەدا هەر بە هاوکاری کوڕەك موزیك و لە دەرهێنانی شیرین جیهانی گۆرانی (تە نەزانی)مان بە کلیپ تۆمار کردووە، من لەو باوەڕەم کە زۆر سەرکەوتوو

دەبێت،هەروەها بە نیازم گۆرانی (ئاڤ و ئاڤ ) بە شێوەی ڤیدیۆ کلیپ لە دەرهێنانی حوسێن حەسەن تۆماربکەم و لە مانگی نیسان دەست پێبکەین و ئێستا سیناریۆش تەواو بووە، پێشبینی دەکرێت ئەم کلیپە لە (بەیتا لالش) باشتر و بەرزتر بێت.

*** جەماوەری تۆ لە هەموو تەمەنەکانە چۆن دەتوانی خۆت لەگەڵ لاوێك و بە ساڵاچوویەك بگونجێنی و رازییان بکەی؟**

- لە وڵاتان هەر هونەرمەندێك جەماوەری تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەناو میللەتی کورد چەند دیاردەیەکی تایبەتی هەیە،هونەری من زیاتر لە بواری نەتەوەیی و فۆلکلۆریدا بووە و لەبەر ئەوەی میللەتەکەم بە چەند بارودۆخێکی ناسکدا تێپەڕیوە من ناچار بووم مەلای جزیری و فەقێ تەیران لەگەڵ خۆمدا بە هونەر بیانژێینم، و لەوانەیە ئەوان لە توانای من بەرزتر بوون و پێویستە کارێکی وا بکەم کە زیاتر ئەمانە بناسرێن و کارێکی هەمە رەنگ پێشکەش بکەم، چونکە زۆر لە لاوەکانمان تەنانەت قوتابیانی زانکۆش نازانن مەلای جزیری و عەلی حەریری و فەقێ تەیران کێن، من تەنیا دەمەوێ خزمەت بکەم و بەم خزمەت کردنەوەش هەموو جەماوەر لە خۆم رازی دەکەم جا لە هەر تەمەنێك بن.

*** شیعری کۆن و نوێ چ جیاوازییەکیان هەیە لای تۆ؟**

- (ئاڤ و ئاڤ ) بەر لە ٣٠٠ ساڵ فەقێ تەیران گوتوویەتی من کردووم بە گۆرانی، دوای بڵاوبوونەوەی بە سەدان نامە و ئیمێلم بۆ هات داوای زانینی خاوەنی ئەم شیعرەیان دەکرد و پرسیاری خاوەنەکەیان دەکرد ئەمەش مایەی دڵخۆشی منە، چونکە ئەو ئامانجەی من دەمویست پێکا، بۆیە من سەربەرزم بەوەی کە یەکێکی وەك فەقی تەیران یان نالی یان جزیری دووبارە بژێینمەوە.

*** باری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان چۆن دەبینی؟**

- من سوپاسیان دەکەم، چونکە زۆر هونەرمەندی پێشکەش کردووە و زیاتر بە جەماوەری ناساندوون، بەڵام هەندێك ئاڵۆزییان تێدا بەدی دەکرێت، و زۆر جار هەموو شتێك قبوڵ دەکەن لەسەر حیسابی هونەر ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە، کەموکوڕی هەیە و ناتوانم بڵێم ئەم کەناڵە یان ئەوی تر، بۆ نموونە کوردستان تیڤی و زاگرۆس ئەگەر بە رای من بێت یەکێکیان بکرێتە دەنگوباسی بەردەوام یەکیان بکرێتە کلتور و سترانی کوردی و کەسانی وای کاری تێدا بکەن کە ببن بە نموونەی شارەزایی و پسپۆری.

*** گۆڕینی ستایل و جلوبەرگ و هەموو شتێك بۆ هونەرمەند تا چەند گرنگە؟**

- ئەوەی ئێمە بیستوومانە مانەوەی هونەرمەند بە ستایل و جلوبەرگ ئەوا کارێکی ئیجابییە، من خۆم زۆر کەوتوومەتە ژێر ئەو کاریگەرییە بەتایبەتی لە رووی جلوبەرگەوە جەماوەری من رەخنەیەکی زۆریان لێگرتووم ئەویش لە خۆشەویستییان بووە بۆ من و هونەرەکەم و گوتوویانە نەدەبوایە تۆ ئەم جلە بپۆشی یان بەو شێوەیە دەربکەوێ، بۆ نموونە لە ئاهەنگی سەری ساڵدا من قەت حەزم نەدەکرد بەو شێوەیە دەربکەوم و هەستیان بریندار بکەم و لێرەوە داوای لێبوردنیان لێدەکەم و هیوادارم لێم قبوڵ بکەن، چونکە هەندێك کەس ئەو شێوەیان هەڵبژارد دواتر هەندێکی دیکە گوتیان نەدەبوایە تۆ بەو شێوەیە دەربکەوێ کە منیش سەیری خۆم کرد هەر وابوو، دووبارە داوای لێبوردن لە جەماوەرەکەم دەکەم.

*** چی نوێت لەبەر دەستە؟**

- بە پشتیوانی کورەك کۆمپانیای موزیك خەریکی تۆمار کردنی ژمارەیەك گۆرانی نوێم کە ژمارەیان دە گۆرانی دەبێت، ناتوانم کاتەکەی دیاری بکەم و بڵێم لە مانگی ئادار یان نیسان تەواو دەبن، بەڵام ئێستا خەریکی کارکردنین و بە دڵنیاییەوە دەڵێم هەر لە ساڵی ٢٠٠٨ دا دەبێت.



**سەربەرزم بەوەی کە یەکێکی وەک فەقی تەیران یان نالی یان جزیری دووبارە بژێنمەوە**

**زۆر لە لاوەکانمان تەنانەت قوتابیانی زانکۆش نازانن مەلای جزیری و عەلی حەریری و فەقێ تەیران کێن**

# دەرهێنەری سینەمایی عێراقی جەمال ئەمین

## دەبێت گەلی کورد پشت بە سینەما ببەستێت بۆ گەیاندنی ئەو زوڵم و زۆرداریەی بەرامبەری کراوە



جەمال ئەمین یەکێك لە دەرهێنەرو ئەکتەرە سینەماییە دیارەکانی عێراقە، فیلمە سینەماییەکانی کوردی لە بزاڤێکی باش دەبینێت، پێیوایەش عێراق تەنها خاوەنی فیلمی سینەماییە نەك خاوەنی سینەما لەم دیمانەیەدا وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵان دەداتەوە.

*** دەکرێت بڵێین عێراق خاوەنی سینەماییە یان خاوەنی فیلمی سینەماییە؟**

- عێراق وڵاتێکە فیلمی سینەمایی بەرهەم دێنێت و ئەو فیلمانە یەکجار کەمن ئەگەر لەگەڵ پێوەری جیهانییەکان بۆ سینەما بەراوردی بکەین، لە ماوەی ٨٠ ساڵدا عێراق نەیتوانی زیاتر لە ١٠١ فیلم بەرهەم بێنێت، شتێکی دیکە هەیە زۆر گرنگە ئەویش ئەوەیە عێراق لە سەر نەخشەی بەرهەمهێنانی سینەمایی جیهانی یاخود هەرێمی نییە و وەکو کێبرکێکەرێك نەگەیشتۆتە ئاستی جیهانی یان هەرێمی یان ناوخۆیی، نە لە بواری نمایشکردن و بڵاوکردنەوەی نە بەشداربوونی لە فیستیڤاڵەکان، عێراق جگە لەم چەند ساڵەی دوایی نەبێت ئەگەر نا بەشێوەیەکی بەرفراوان بەشداری لە فیستیڤاڵەکان نەکردووە، ئەمەش بۆ دەرهێنەرە عێراقییەکان دەگەڕێتەوە کە لە دەرەوەی وڵات ژیانیان بەسەر دەبرد و لەهەمان کات بەهۆی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئەمرۆ.

کاتێك کە دەڵێین سینەما هەیە واتە بەرهەم هەیە و هۆکارو بۆچوون و ئەزموون هەیە، ئێمە دەتوانین بڵێین سینەمای میسری و سینەمای فەرەنسی و سینەمای هیندی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەبێت سینەمای میسری لە نێوان دوو کەوانە دابنێین. ئەوەی گرنگە لە بوونی سینەما ئەوەیە کە دەبێت بۆچوونێکی سینەمایی یان قوتابخانەیەکی سینەمایی یان هەندێك ئەزموون بونیادی بنێت و خاوەنی خەڵاتی جیهانی و ناوخۆ بێت. لەگەڵ ئەوەش دەبێت بەرهەمهێنان هەبێت و ئەم بەرهەمهێنانەش دەبێت خاوەنەکەی دەوڵەت یان کەرتی تایبەت بێت، ئێمەش هەردووکمان نییە و یەکێك لەو هۆیانەش ئەو جەنگە کارەساتییانە بووە کە ئەو وڵاتە پێیدا تێپەڕیووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەندێك ئەزموونی تا رادەیەك باش هەیەو لە کۆتایی ساڵانی پەنجاو سەرەتای ساڵانی شەست و حەفتاکان بەرهەمهاتووە، بەڵام لەدوای ئەوە عێراق بەگشتی هەمووی رووی لە پەرستنی دیکتاتۆریەت کرد، سینەما و شانۆ و رادیۆ و تەلەفزیۆن هەمووی بووە هۆکارێك بۆ کەشی پەرستن بۆ ئەو ستەمکارانە، ئەگەرنا کوا سینەما لەو سەردەمە؟.

*** چۆن دەڕوانیتە فیلمە عێراقییەکان دوای روخانی سەدام حوسێن، ئەو قۆناغە قۆناغێك بووە بۆ بەرەو باشتر بوون؟**

- بەڵکو بەرەو خراپتربوون چووە، لەبەر ئەوەی هۆڵەکانی نمایشی فیلمە سینەماییەکان و هۆکارەکانی بەرهەمهێنان سوتێندران و تێکدران، ئەو هۆڵانە بوونە یەکێك لە شوێنە قەدەغەکراوەکان و بووە یەکێك لەو شتانەی کە بە چاوی ئەوە سەیری دەکرێت کە بۆ کات بەسەربردنە، نازانم چۆن سینەمای ئێرانی دەتوانێت چەندین خەڵات بەدەست بێنێت و ئێران خاوەنی سەدان هۆڵی سینەمایی بێت و لە عێراق سینەما قەدەغە بێت و گوناحەو کات بەسەربردنە لە ئایین، گشت ئامێرە سینەمایی و تاقیگەکان کە پارەیەکی زۆری بۆ خەرج کرابوو لە سەردەمی ستەمکار سوتێنراو و دزرا و ئەوەی دیکەش بردرایە وڵاتە دراوسێکان، ئەم راستییەکەیە،

لەدوای ئەوە عێراق بەگشتی هەمووی رووی لە پەرستنی دیکتاتۆریەت کرد، سینەما و شانۆ و رادیۆ و تەلەفزیۆن هەمووی بووە هۆکارێک بۆ کەشی پەرستن بۆ ئەو ستەمکارانە

هەڤپەیڤین: پەسار فایق

بەڵام ئەگەر مەبەستت بەو دۆخەیە کە بەرەو باشتر چووە بەرەو ئازادی رای دەربڕین، ئەوا زۆر راستە، بەڵام کێ لەمە سوودمەندە؟ ئەوان رێژەیەکی زۆر کەمن، ئەوەی خۆی فیلمێك بەرهەم بێنێت و لەسەر ئەرکی تایبەتی خۆی بێت، رەنگە دووچاری زەرەرو زیانی زۆر گەورە بێت. سینەما دەبێت بچێتە ناو گرتۆخانەکانی دەرهێنەرو شۆڕشگێرو تیرۆریست یان نێو ئەمەریکییەکان بۆ ئەوەی کار بکات و بەرژەوەندی و ئەو راستییە بگەیەنێتە خەڵك، بەڵام کێ دەتوانێت ئەمە بکات، لەبەر ئەوەی ئەوانەی ناویانم هێنا ئەوان لە کامێرا دەترسن، لەبەرئەوەی کامێرا ئەوانە هەتك دەکات و ئاشکرایان دەکات، کامێرا رووتیان دەکاتەوە، بەڵام کێ ئەوە قبوڵ دەکات هەموو دوژمنی کامێرانە هەر لە دەوڵەتەوە بگرە تا تیرۆریستان. ئەمەریکاش تەنها رێگە بە بەرهەمهێنەرو دەرهێنەرو وێنەگری خۆیان دەدەن جوڵە بکەن، هەموو شتێکیش بۆ ئێمە قەدەغەیە، راستە ئازادی هەیە بەڵام ئازادی هەموو شتێك نییە بۆ بەرهەمهێنانی فیلم.

ئەمەریکا توانی نموونە ئەفسانەییەکانی خۆی دروست بکات بۆ دەستبەسەردا گرتنی جیهان لەرێگەی چەند کەسایەتی سینەمایی و سیاسەتمەداری ئەمەریکی و ئەوروپی، توانی عەرەب بکات بە تیرۆرست هەروەها ئیسلامیش بکات بە تیرۆرست و ئەمەش نیوەی راستییەکەیە، بەڵام فیلمی سینەمایی ئەمەریکی تەواوکەری نیوەی بیری سیاسەتمەداری ئەمەریکی و سەرمایەداری وەحشییە، سینەما یەکێك لە گرنگترین گرتوخانەکانی کاریگەری بیرکردنەوەیە، بەڵام حکومەتی عێراقی و حکومەتە عەرەبییەکان هەست بەمە شتە دەکات؟ بڕواناکەم!!.

*** وای نابینی کە لە فیستیڤاڵە جیهانییەکان موجامەلەی فیلمە عێراقییەکان دەکرێت، و ئەو فیستیڤاڵانە دەیانەوێت بڵێن کە لە دوای روخانی سەدام سینەما لە عێراق پێشکەوتووە؟**

- راستییەکە ئەوەیە کە فیستیڤاڵە جیهانی و هەرێمییەکان ئێستا هەست بەوە دەکەن کە زۆر پێویستیان بە نمایشکردنی فیلمی عێراق هەیە، لەبەرئەوەی گۆڕەپانی عێراقی سەبارەت بە رووداوە جیهانی و داب و نەریتە سەیرو سەمەرەکان و کەشەکان ستەمکارە، هەروەها ئەمە برێکی زۆرە لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان و ئەفسانەی چیرۆکەکان کەوا مرۆڤی عێراقی بەدەستییەوە دەناڵێنێت و پێوەی گیرۆدەیە، ئەو شتانە وای لە فیستیڤاڵەکان کردووە بەدوای هەر ماددەیەکی وێنەیی لە عێراق بگەرێت، ئەمەش چ فیلم یان هەواڵ یان هەر شتێکی دیکە بێت. سەبارەت بەوەی کە موجامەلەی فیلمە عێراقییەکان بکرێت من پێم وانییە وابێت، لەبەرئەوەی فیلمی عێراقی خەڵاتی وەرنەگرتووە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە فیلمەکان دەتوانێت بچێتە فیستیڤاڵەکان و نمایشیش بکرێت، بەڵام ناتوانێت خەڵات لەگەڵ خۆی بێنێتەوە. بە هەر حاڵ فیستیڤاڵەکان لەلایەن کۆمەڵەیەکی کەمەوە لە کارمەندان و پشکێنەرانی فیلم بەڕێوەدەچێت، پێم وانییە هەموویان بخرێنە بازنەی موجامەلەوە، دەبێت دان بەوەش بنێت کە کۆمەڵێك فیلم لە دوای رزگارکردنی عێراق بەرهەمهاتوونە و شایستەی ئەوەن ببیندرێن و خەڵاتیش وەربگرن.

***چۆن دەڕوانیتە ئەزموونی سینەمایی لە هەرێمی کوردستان؟ ئەگەر بێین و بەراوردێك بکەین لە نێوان سینەمای عێراق و سینەمای کوردستان، بەتایبەتیش کە هەریەکەیان بە ئەزموونێکی جیاوازدا تێپەڕیووە؟**

- پێموایە دەبێت گەلی کورد پشت بە سینەماوە ببەستێت بۆ گەیاندنی ئەو زوڵم و زۆرداریەی کە دژی کراوە، بەتایبەتی دژ بەوان و بە گشتی دژ بە عێراق، دەبێت رای خۆی دەربڕێت و دوربکەوێتەوە لە چوارچێوەی ناسیۆنالیزمی، لەبەرئەوەی گەلی کورد خاوەن چیرۆکی تراژیدی زۆرە، داوا لە سەرکردایەتی کورد لە عێراق دەکەم کە پشت بە سینەما ببەستێت وەك وتەبێژی فەرمی بۆ گەلی کوردی و بۆ ئەوەی سینەما بکاتە بەڵگەنامەیەکی مێژوو بۆ ئەوە.

سەبارەت بە سینەمای کوردی ناتوانین بڵێین کە سینەمایەکی کوردی عێراقی هەیە، ئەگەر نەتوانین بڵێین سینەمای عێراقی هەیە چۆن دەتوانین بڵێین سینەمایەکی کوردی عێراقی هەیە؟ بەڵام سینەماکاری کورد هەیە لەسەر ئاستی داهێنانی جیهانی، بەڵام ئەوە لە ئێران و تورکیا هەیەو ئەو سینەماکارانەش داهێنانیان کرد لەبەرئەوەی لە ئێران و تورکیا بنەمای دروستکردنی سینەماییەکی تایبەت هەیە، بەڵام لە عێراق ئەزموونی تاکی هەیە و توانای زۆر بەهێزیش هەیە ئەمەش چ لە کوردستان چ لە عێراق بەشێوەیەکی گشتی، بۆ نموونە کە فیلمێکی "بەهمەن قوبادی" دەبینی هەست دەکەیت کە هیوایەکی گەورە بۆ سینەماکارانی کورد هەیە لەسەر ئاستی جیهان، بەڵام وەك دیارە سینەما لە کوردستان گرنگییەکی گەورەی پێدەدرێت لەلایەن هونەرمەندە کوردەکانەوە، ئەمەش لە چەندین فیلم بەرچاو دەکەوێت، کە لەو چەند ساڵەی دوایی بەرهەمهاتووە و چۆتە فیستیڤاڵەکان و چەندین خەلاتیشیان بەدەستهێناوە، دەبینین ئەمەش زیاتر دەبێت بەتایبەتی لەدوای رووخانی دیکتاتۆریەت لە بەغدا، دەبینین لە کوردستان کۆمەڵێك فیلم بەرهەمهاتوونە و ژمارەیان زیاترە لەو فیلمانەی کە لە بەغدا بەرهەمهاتووە، هیوا خوازم ئەم تەوژمە کە لە بەرز بوونەوەدایە بەردەوام بێت بۆ بەرهەمهێنانی فیلم و داوا لە وەزارەتی رۆشنبیری لە هەرێمی کوردستان دەکەم بۆ ئەوەی دەستی یارمەتی بۆ دەرهێنەرە کوردەکان درێژ بکات بۆ بەرهەمهێنانی فیلم.

## بیۆگرافیا:

(جەمال ئەمین) ساڵی ١٩٥٨ لە بەغدا لەدایکبووە.

ساڵی ١٩٨١ دبلۆمی لە دەرهێنانی سینەمایی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا بەدەستهێناوە، ساڵی ٢٠٠٠ خولێکی لە هونەری مۆنتاژ لە رێگەی کۆمپیوتەر قوتابخانەی فیلمی دەنیمارکییە بینیووە، چەندین کاری تەلەفزیۆنی و ریکلام و فیلمی دیکۆمێنتی کردووە، وەك ئەکتەر رۆڵی لەچەندین فیلمی عەرەبی بینیووە، خەڵاتی زیوینی لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی رادیۆو تەلەفزیۆنی قاهیرە لە ساڵی ١٩٩٧ بەدەستهێناوە، ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی عێراقە، ئەندامی فەخری یانەی سینەمای عێراقییە، ئەندامی یەکێتی دەرهێنەرانی دانیمارکییەکانە، ئەندامی یەکێتی رۆژنامەنووسانی دەنیمارکە، لەو ماوەی کە لە دەنیمارك ژیانی بەسەر بردووە چەندین فیلمی بەرهەمهێناوە، جگە لەوەی کە پێشتر وەك دەرهێنەر چەندین فیلمی هەبووە.

**داوا لە وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان دەکەم بۆ ئەوەی دەستی یارمەتی بۆ دەرهێنەرە کوردەکان درێژ بکات بۆ بەرهەمهێنانی فیلم**




**لە عێراق هەموو دوژمنی کامێران لە دەوڵەتەوە بگرە تا تیرۆرستان**

## ئەڤـریل لاڤـین:

# دەنگ پێویستی بە مەشقی بەردەوام هەیە

ئەڤریـل لاڤین کچـە گۆرانیبێژی پۆپ و رۆك و تێكسـت نووسی گۆرانییەکان کە کەنەدییە، بەڵام بە رەچەڵەك فەرەنسییە پاڵێوراوە بۆ هەشـت خەڵاتی گرامی و حەوت خەڵاتی جۆنۆی بەدەستهێناوە، بە یەکێك لە سەرکەوتووترین و بەناوبانگترین کچە گۆرانیبێژەکان دادەنرێت، چونکە شـێوازی مۆسـیقا و گۆرانی گوتنـی جیاوازە و زیاتـر یاخی بوونی پێوە دیـارە، گۆڤاری (هـەرزەکاران — جەسـت فۆرتیین)ی ئەمریکـی دیمانەیەکی لەگەڵدا ساز کردووە لێرە پوختەکەی بڵاودەکەینەوە.

* تۆ رەخنەت لە زۆر گۆرانیبێژان گرتووە،چونکە بە شێوەی پـلای باك لی ئاهەنگەکاندا گۆرانییـان گوتووە، تۆ خۆت ئەم شێوازەت بەکارنەهێناوە؟

- نەخێر من هیچ کاتێك بیریشـم لەم شێوازە نەکردۆتەوە، من راستەوخۆ لە ئاهەنگەکاندا گۆرانی دەڵێم و تەنانەت یەك جاریش بە پلای بـاك گۆرانیم نەگوتووە، من بۆیـە گۆرانیم گوتووە، چونکە دەنگم خۆشە و گۆرانیم خۆش دەوێت و دەمەوێ گۆرانی بڵێم، زۆر جار لە کاتی دابەشـکردنی خەڵاتەکان دەبینم هەندێك کەس بە شـێوەی پلای باك گۆرانی دەڵێن و خەڵات وەردەگرن، بەڵام مـن پێموایە ئەمە یەکسـانی نییـە، بەتایبەتی بۆ ئەو کەسـانەی کە بەهرەدارن و تووشی نائومێدی دەبم و بە کارێکی شەرمەزاری دەزانم.

* چی دەکەی بۆ ئەوەی پارێزگاری لە دەنگت بکەی؟

- مـن زۆر بە جددی کار دەکـەم و رۆژانە بۆ ماوەی یەك کاتژمێر و نیو گۆرانی دەڵێم، پێویسـتە پارێزگاری لە دەنگی خۆم بکەم و پەرەی پێبدەم ئەمەش مەشـقێکی زۆری پێویستە، زۆر هاورێم هەیە کە لە تیپەکانی دیکەن ئێمە بە یەکەوە مەشـق دەکەین، بۆیە پێویسـتە شوێنی خەوتن و دانیشتنمان تا رادەیەك جیاواز بێت بە جۆرێك کە لە ئامێرەکانی سـاردکردنەوە و گەرم کردنەوە دوور بکەوینەوە و زۆر قسە کردنیش زیان بە دەنگی ئێمە دەگەیەنێت، من شـانازی بەو کارانەوە دەکەم کە بۆ پاراسـتنی دەنگی خۆم ئەنجامیان دەدەم.

* گۆرانی (دۆنـت تێڵ مـی) چ پەیامێکی تایبەتی هەیە بۆ هەرزەکاران؟

- تەمەنم ١٧ سـاڵان بوو کاتێك ئەو گۆرانییەم نووسـی و ئـەو کات خوێندنی ناوەندیم تەواو کردبـوو، بۆیە بە بیرۆکەی هەرزەکارێك گۆرانییەکەم نووسیوە، لەم رۆژگارەدا کچان رۆژانە دووچـاری فشـارێکی زۆر دەبنەوە و، من زۆر خۆشـحاڵم کە توانیومـە ئەم گۆرانییە لە گشـت ئاهەنگەکاندا بڵێم و کاتێك دەیڵێم بە جەماوەر دەڵێم ئەمە گۆرانی کچە بە هێزەکانە.

* کاردانەوەی جەماوەر بۆ ئەو گۆرانییە چۆن بوو؟

- زۆر لـە دایکان ئەم گۆرانییەیان بە دڵ بوو و پێیان گوتم( زۆر سوپاسـت دەکەین، چونکە تۆ وەك برێنی سـپێرز نیت) یان هەندێکی دیکەیان پێم دەڵێن( زۆر سوپاس،چونکە تۆ پێشەنگێکی زۆر بـاش و نموونەی بۆ کچەکانمان، ئێمە زۆر دڵخۆشـین کە کچەکانمان گـوێ لە گۆرانییەکانی تـۆ دەگرن) ئەمەش بۆ من مایەی سـەربەرزییە و کاتێك گوێم لێیان دەبێت هەسـت بە دڵخۆشییەکی زۆر دەکەم.

* ئەی هەستت چۆن بوو کە بینیت زۆر لە کچەکان تەقلیدی تۆ دەکەن لە پۆشینی جلوبەرگ بەتایبەتی بۆینباخ؟

- من یەکەم کەس نیم کە بۆینباخ دەبەسـتم، بەڵام کاتێم پێی دەرکەوتم زۆرم پێ سـەیر بوو کە بینیم زۆر لە کچەکان هەمان شێوەی بۆینباخیان بەستووە.

* ئەی بۆچی وازت لە بەستنی ئەم جۆرە بۆینباخانە هێنا؟

- بۆ تۆ پێت وایە من تا هەتایە ئەم جۆرە بۆینباخانە دەبەستم، بـەڵام کارێکی جوانە کـە دەبینم جەماوەر تەقلیدی ئەسـتێرە خۆشەویستەکانیان دەکەن لە پۆشینی جلوبەرگ.

